# مێژوو دووپات دەبێتەوە!!!!! ... د. ئاسۆ كەركوكی

گەلی كوردستان زۆر لە مێژە لە پێناوی ڕزگاركردنی كوردستان لە دەست داگیركەران خەبات ئەكات، بەڵام لەبەر دووبەرەكی و ناتەبایی لەناوخۆیدا نەیتوانیوە سەركەوێت .

پاش ڕاپەڕینە مەزنەكەی باشووری كوردستان هیوا و ئاواتی هەموومان ئەوە بوو كە پارتە سیاسیەكانی كوردستان بتوانن باشووری كوردستان بەڕیوەبەرن و گەلی كوردستان كە دوچاری چەرمەسەری و ئەنفال و كیمیابران و قڕكوردن و وێرانكردنی وڵات هاتوە لە ژێر سایەی ئازادی و دیموكراسیەتدا بحەسێتەوە و خەریكی ئاوەدانكردنەوە و دوبارە بونیاد نانەوەی وڵاتەكەیان كە ژێردەستی داگیركەرانی وەك سەدامی خوێنمژ كاولكراوە بن .

ئەوە بوو پاش ئەوەی كە ڕژێمی بەعس بڕیاری داو دام و دەزگاكانی خۆی لە كوردستان كێشایەوە و بۆشاییەك دروست بوو، هەر بۆیەش بەرەی كوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنێكی سەرتاسەری لە ناوچە ڕزگاركراوەكانی كوردستانی لە هەر سی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆكی دا .

ئەم بڕیارەی بەرەی كوردستانی بووە جێگای شانازی و خۆشحالی چین و توێژەكانی كوردستان و دەست كرا بە خۆ ئامادە كردن .

وە هەروەها بڕیار درا كە دوو هەڵبژاردن كە یەكێان بۆ پەرلەمان و ئەویتریان بۆ سەرۆكایەتی بكرێت.

ئەوە بوو لە ڕێكەوتی 1992/5/19 هەڵبژردن كراو كە تەنیا پارتی دیمكراتی كورستان و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لەگەڵ هەوپەیمانەكەی پارتی زەحمەتكێشانی كوردستان لەم هەڵبژاردنە سەركەوتوو بوون .

پارتی دیموكراتی كوردستان ڕێژەی 51٪ و یەكێتی هاوپەیمانەكانی لە 49٪ یان هێنایەوە. بەڵام بۆ سەرۆكایەتی هەرێم هیچكام لە كاندیدایەكان نەیان توانی 51٪ بێننەوە و بڕیار درا كە جارێكی دیكە هەڵبژاردن بكرێتەوە بەڵام بەداخەوە كە نەكرایەوە .

هەر پاش ئەوەی كە نەتیجەی هەڵبژاردنەكان ئاشكراو بڵاوكرایەوە یەكێتی نیشتیمانی بەم نەتیجەیەی قایل نەبوو، هە بۆیەش نەوشیروان مستەفا ووتی ئەگەر بێتو پارتی بە 50 بە 50 ڕازی نەبێت ئەوا كوردستان ئەكەم بە لوبنان كە ئەمەش ئەوە دەگەێنی كە كوردستان تازە لە ژێر چەوساوەی سەدام ڕزگاری بووە دووچاری شەڕی نەگریسی ناوخۆ بێتەوە، بۆیە سەركردایەتی پارتی كۆبوونەوە و مەسەلەكەیان تاوتۆ كرد كە چی بكرێت بۆ ئەوە كوردستان كە تازە لە بن دەستی ڕژێم ڕزگاری بووە و دوژمنانی كورد و كوردستان گاڵتەمان پێنەكەن و وە ڕژێمیش نەڵێت كە ئێمە نەبین ئەوا كورد ناتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت.

ئەوە بوو پارتی دیموكراتی كوردستان بەیاننامەیەكی بڵاوكردوە كە تێدا هاتبوو لە بەر بەرژەوەندی كورد و كوردستان، لەبەر ئەوەی كە كوردستان دوچاری شەڕی ناوخۆ نەبێتەوە و دوژمنانی كورد گاڵتەمان پێنەكەن ئێمە وەك پارتی واز لە كورسییەكی خۆمان دەهێنین و بە تا هەڵبژاردنی داهاتوو 50 بە 50 بێت.

ئەم بڕیارە چارەنووسەی پارتی بووە جێی ڕەزامەندی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان و جەماوەر، بەڵام زۆری نەبرد كە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە لایان سەركردایەتی یەكێتیەوە لە كوردستان دەستی پێكرد، كە من نامەوێت بچمە ناو قولایی شەڕەكەوە، بەڵام بە هەوڵ و كۆششێكی زۆر بە دەیان ڕێكەوتننامە مۆر كرا وەك درۆگیدا، پاریس، ئانكارا تاران، دبلین و ئاخیرەكەشی ڕێككەوتننامەی واشنتۆن بوو، كە یەكێتی بە نەتیجەكانی هەڵبژاردن واتە 51 بۆ پارتی و 49 بۆ یەكێتی و زەحمەتكێشان ڕازی بوو. كە واتە ئەم شەڕە لە پێناوی هیچ بوو، ئەگەر بێت و یەكێتی لە دەسپێكەوە بە نەتایجی هەڵبژاردن ڕازی بوایە.

ئیستاش پاش ئەوەی كە ئەمریكا و هاوپەیمانانی بڕیاری لە ناو بردنی سدامیان داو، ڕژێمی بەعس لە 2003/4/9كۆتایی پێهات و كەركوكی دڵی كوردستان و هەموو ناوچەكانی دیكەی باشووری كوردستان لە ژێر دەستی سەدامی خوێنمژ ڕزگار كرا .

یەكەم هەنگاوی پارتە سیاسیەكانی كوردستان ئەوە بوو كە بتوانن ناوچە لێكبڕاوەكانی كوردستان بگەڕێننەوە باوشی هەرێمی كوردستان. هەر بۆیەش پاش ئەوەی كە مەجلس الحكم دامەزرا مادەی 58 بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ كرا، لە مادەیدا هاتووە كە دەبی عەرەبە هاوردەكانی باشووری عێراق بچنەوە بۆ جێگای خۆیان و كوردە ئاوەرەكانیش بۆ شوێنی باو باپیریان بگەڕێنەوە .

هەر بۆیەش هەوڵێکی یەکجار زۆر درا و دەدرێت بۆ ئەوەی مادەی 58 کاری پێبکرێت. لە ڕێکەوتی 2005/12/30 هەڵبژاردنی عێراق و کوردستان دەستی پێکرد و هاوپەیمانی کوردستان توانی 77 کورسی وەدەست بێنی و بڕیاری سەرکردایەتی کورد و بەڕێز کاك مەسعود بارزانی ئەوە بوو کە دەبی جەلال تالەبانی بۆ سەرەك کۆماری

عێراقهەهەر لەو کۆبونەوەیە بەڕێز بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم قەبوڵ کرا .

هەر پاش بوونی تالەبانی بە سەرەك کۆماری عێراقو هێواش هێواش یەکێتی نیشتیمانی لە بڕیارەکەخۆیان پاشەگەز بوونەوە و کۆڵێك بڕیاری نادروستیان دەرکرد کە بە هیچ شێوەیەك کەس بیری لێنەدەکردەوە، ئەم کارە خەریك بوو بەرەو ئاڵۆزی ناخۆشی بڕوات و مەسەلەی کەرکوك ناوچەکانی دیکە لە خەتەرا بن، هە بۆیەش جارێکی دیکە مێژوو دووپات بووە وە کاك مەسعود بارزانی ئەم جارەش لە بەر بەرژەوەندی کوردستان نوسینەوەی دەستوور و گەڕانەوەی ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان وەك کەرکوك، شنگار، خانەقین، مەندەلـي، زمار هتد.. نامەیکی ئارەستەی جەلال تالەبانی کرد و داوای کرد کە بەر بەرژەوەندی کورد و کوردستان بە پرسی سەرۆکی هەرێم دوا بخرێت، کە ئەمەش دیسان هەمان بڕیاری پارتی بوو کە لە 1992 بۆ بەژەوەندی کورد و کوردستان دای .

من پێم وایە ئەم موشکیلانە هەموو نەوشیروان مستەفا و کوسرەت ڕەسول مەلا بەختیار دروستی دەکەن بۆ ئەوەی بەم کارانەیان کوردستان دوچاری ئاڵۆزی خۆپەرستی بکەن، ئەگەرنا بۆ هەتاکو تالەبانی نەبوو بە سەرەك کۆماری عێراق ئەم پرسەیان وا گەورە نەرکردبۆوە. ئەم دوانەی سەرەوە دەیانەوێت کوردستان دوچاری ئاڵۆزی بکەن، بەڵام خیاڵیان خاوە بەوەی کە جارێکی دیکە شەڕی براکوژی دەست پێبکرێت.

هیوادارم کە وا کە نەوشیروان و کوسرەت ڕەسوڵ مەلا بەختیار ویەکێتی نیشتیمانی واز لە سیاسەتی چەوتی تەسکی حیزبایەتی بێنن و بەرژەوەندی کورد و کوردستان لە پێش هەموو شتێکەوە دا بنێن .

سوید /ستۆکهۆڵم
27/5//2005